پرۆژەی: کتێب باشترین هاوڕێیە- زنجیرەی-١١-

# قەلە سپیەکە بۆ ڕووی ڕەش بوو؟

## کۆمەڵە بابەتێکی منداڵانە

نووسینی

شاخەوان عەلی مامۆکی



ناوی کتێب: قەلە سپیەکە بۆ ڕووی ڕەش بوو

بابەت: بابەتی منداڵان

نووسەر: شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی

تیراژ: ١٠٠٠دانە

چاپ: یەکەم- ٢٠١٢

چاپخانە: چاپخانەی شەهاب - هەولێر

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی (٦١٤)ی ساڵی (٢٠١٣)ی پێی دراوە



منداڵە چاوگەشەکان وەرن با بەیەکەوە گوێ

بۆ چیرۆکی

**( شەڕی نێوان ماسیە سپی**

**و ماسیە سوورەکان )** بگرین



# شەڕی نێوان ماسیە سپی و ماسیە سوورەکان



لەنێو ئەو دەریاچەی (دوکان)ی لەمەڕ خۆماندا، دوو جۆرە ماسی هەبوون، ماسی سپی و ئەویتریان ماسیە سوور بوو.

ڕۆژێکیان سەرداری ماسیە سوور و سەرداری ماسیە سپیەکان تووشی یەك بوون، ماوەیەك پێکەوە قسەی خۆشیان بۆ یەك کرد،جا قسەیەك لێرە و قسەیەك لەوێ، باسیان لەوە کرد ئاخۆ بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش بۆچی (شار شارێن) نەکەن، هەردوولا ڕەزامەندیان نیشاندا و مەرجیان بۆ ئەو شەڕە دانا هەر کامێکیان شارەکەی ئەویتری داگیر کرد، ئەوە ئەو شارە بەهەموو شتەکانی ناویەوە بۆ ئەوبێ.

شاری هەردوو لایان خۆش و ڕازاوە و ڕەنگین بوو، هەردوولا خۆیان بۆ ئەو بەرەنگار بوونەوەی یەکدی ئامادە کرد، چ بەبەرد، چ بە دارلاستیك، چ بە قۆچەقانێ ڕوو بە ڕووی یەك ببنەوە.

سەرداری ماسیەکان کۆبوونەوەیان بە ماسیەکانیان کرد و پێیان وتن: ئێمە بۆ خۆشی یاری (شار شارێن) دەکەین دەبێ ئازابین، مەرجی ئەو یارییە ئەوەیە چ لایەکمان شاری ئەویتری داگیر کرد و گرتی، شارەکە دەبێتە هی ئەو، ئینجا بۆ ئەوەی نەدۆڕێین نەچین شارێکی دیکە سەرلەنوێ بۆ خۆمان بنیات بنێینەوە، دووبارە دەیڵێمەوە دەبێ ئازابین، بزانن چۆن شەڕ دەکەین!

یەك لە ماسیە سوورەکان ڕووی کردە سەردارەکە و وتی: جا قوربان ئەوەی لەسەرمان پێویستە تا بیکەین چی یە؟

ماسیەکی دیکەش لێی پرسی: ئەی باشە ژمارەی ماسیە سپیەکان چەند ماسی یە؟

سەرداری ماسیە سوورەکان وەڵامی دانەوە وتی: ئەوەی من بیزانم نزیکەی پەنجا ماسیەك دەبن.

ماسیەکی تر پرسی: گەورەم ئێمە هەر بیست و پێنج ماسیەك دەبین، چۆن بەو ژمارە کەمە دەتوانین هێرشیان بکەینە سەر و بەرەنگاریان ببینەوە؟

سەرداری ماسیان لە وەڵامدا پێی وتن: ئەگەر ئێمە وەك ئەوان پەنجا ماسی بووینایە ئەوە هەردوو لامان لەو هاوکێشەیەدا یەکسان دەبووین، بەڵام بەو حیسابەبێ ئەوان دوو هێندەی ئێمەن، لەو

حاڵەتەدا دەبێ هەر ماسیەك لەئێمە ڕوو بە ڕووی دوو ماسی ئەوان ببێتەوە بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنین، بەڵام ئەوەی گرنگە دەبێ ورەمان بەرزبێ، ئەگەر ورەمان بەرزبوو دەتوانین بەئاسانی بەسەریان زاڵبین.

ماسیەکان بەیەك دەنگ هاواریان کرد: ئەگەر ئێمە یەکگرتووبین، ورەمان بەرزبێ دەتوانین پارێزگاری لەخۆمان و شارەکەمان بکەین نەهێڵین بدۆڕێین و شارەکەمان داگیر بکەن.

شەڕ دەستی پێکرد، دوای بێنە و بەردەیەکی زۆر بەدار و قۆچەقانێ و دارلاستیك، ماسیە سوورەکان تەنگیان بەماسیە سپیەکان هەڵچنی وایان لێکردن لە شارەکەیان هەڵبێن و بەرەو شوێنێکی دیکە ڕابکەن، بەمەش ماسیە سوورەکان بەورەیەکی بەرزەوە سەرەڕای کەمی ژمارەیان توانیان یاریەکە ببەنەوە و بیانبەزێنن، ماسیە سپیەکانیش بەناچاری چوونە شوێنێکی تر و سەرلەنوێ خانوویان بۆ خۆیان بنیات نا.

*　　　*　　　*　　　*

ماسی مل و سی نی یە و زۆربەی کات تێنو



# منداڵ * * * منداڵ

مناڵین زۆر بچووکین
نەرم و نۆڵ و ڕوح سووکین
لەباخی ژین ڕوواوین
هەر وەکو گوڵی گەشین
لە ناسکیدا بێ وێنەین
لەئاسماندا ئەستێرەین
پاکین، کاغەزی سپین
دوژمنی ڕق و کینەین
لە تاریکی وەك مۆمین
لەتوێنوێتی وەك گۆمین
ئاوی بەخوڕی چەمین
دژی ڕەفتاری شوومین
ئەوەی ئێمەی خۆش دەوێ
خوایە هەردەم سەرکەوێ



# خلیسکێنەی * ورچەکان



دەگێڕنەوە دەڵێن: کۆمەڵە ورچێك لەنێو دارستانێك و لە نزیك چیایەکی بەرز و سەرکەش دا پێکەوە دەژیان، هەموو ورچەکان لانەی خۆیان هەبوو، ئەوەی سەرنجی ورچەکانی ڕاکێشابوو لە دامێنی ئەو چیایەدا قەڵبەزەیەکی جوان و سازگار بەخوڕ دەهاتە خوار، شۆڕ دەبۆوە و دەڕژایە چاڵێکەوە، چاڵەکە بووبووە گۆمێکی گەورە و ڕۆژانە تەنها ورچە زلەکان لەبەیانی زووەوە تا بەرە بەری نیوەڕۆ دەچوونە دارستان بەدوای هەنگوین دەگەڕان و لەگەڕانەوەیاندا یەکسەر دەچوونە نزیکی گۆمە ئاوەکە و لە ژێر سێبەری دار بەڕووەکان لێی

ڕادەکشان و سەرخەوێکیان دەشکاند، کاتێکیش لەخەو هەڵدەستان خۆیان فڕێ دەدایە گۆمە ئاوەکە و مەلەوانیەکی باشیان دەکرد، هەر لەو گۆمە ئاوەدا دەستیان پڕ لەئاو دەکرد و بەخۆشحاڵیەوە شەڕە ئاویان دەکرد.

ورچە زلەکان هەر بەوە نەدەوەستان و دڵیان دانەدەکەوت، لە تەنیشتیانەوە لێژێکی لێبوو، دەچوون چەند ستڵە ئاوێکیان پێدا دەکرد، لێژەکەیان تەڕ دەکرد بۆ ئەوەی لووس و خووس بێت، ئەوجا بەدەم پێکەنین و قسەی خۆشەوە لەسەرێ بۆ خوارەوە قوونەخشکێیان دەکرد، بەمەش ئەو پۆشاکەی لەبەریان بوو بەقوڕ دەبوو پیس دەبوو، کەچی دەیاندایە قاقای پێکەنین و لەزەتیان لەم خشخشۆکە وەردەگرت.

پێش ئەوەی ئەوێ جێ بهێڵن و بچنەوە ماڵ، دووبارە دەچوونەوە ناو گۆمە ئاوەکە و بەجوانی جلەکانی بەریان دەشۆرد و یاپش یاپش دەگەڕانەوە.

ورچۆلەکان ئەوانەی هێشتا بچکۆلە بوون کاتێ لە دوورەوە ورچە زلەکانیان بەو شێوەیە دەبینی وا خەریکی وازی و گەمە کردنن، لیکاویان لەزار و قەپۆزەوە دەردەهات، بۆیە بەدزییەوە چاوەڕوانی دەرچوونیان دەکردن لە ئاوەکە دەربچن و بگەڕێنەوە، بۆ ئەوەی هەر

دوای ئەوان بچنە ناو گۆمە ئاوەکە و دەست بە یاری بکەن، ورچە زلەکان چیان دەکرد ئەوانیش هەمان شتیان دووبارە دەکردەوە.

ماوەیەکی باش بەیەکەوە مەلەوانی و شەڕە ئاویان دەکرد، ئەوجا بەناوی خلیسکانێوە خۆیان لەقوڕ وەردەدا، پێش ئەوەی بگەڕێنەوە لەترسی باوانیان تا لێیان نەدەن و نەقوتێن یاخود قسەیان پێ نەڵێن، خۆیان دەنایە تەنکایی گۆمە ئاوەکە و نەختێ دەستیان بەسەر جلەکانیان دادێنا بەڵام چونکە ئەوەندە بەتاقەت نەبوون جلەکانیان تەواو خاوێن و بژوێن بکەنەوە، بایی ئەوەندە قوڕ بەجلەکانیانەوە دیار دەما، کاتێکیش دەچوونەوە ماڵ و لێیان دەپرسین: ئاااای! ئەوە بۆچی ئەوها جلەکانتان بەقوڕە؟

پاساویان دەهێنایەوە، هەموویان پێکڤە قسەیان کردبووە یەك، کە پێیانوتن: ئەوە بۆ جلەکانتان پیسە ؟ لەوەڵامدا دەیانوت: یاریمان دەکرد کەچی کەوتینە ئەو چڵکاوەی بەرەوە و هەر بۆیەش جلمان پیس بووە.

ئەو کارەیان بۆچەند ڕۆژێ دووبارە کردەوە، ورچە زلەکان لەمیانی خۆیان دا کۆبوونەوە، بڕیاریاندا چاودێری ورچە بچووکەکان بکەن بزانن دەچنە کوێ وخۆیان بەچی خەریك دەکەن و بۆچی ئاوا جلەکانیان پیس دەبێتن.

ئەو ڕۆژە وەك ڕۆژانی تر چوونە دارستان، هەندێ خۆراکیان بۆ خۆیان و بەچکەکانیان کۆ کردەوە، بەرە بەری نیوەڕۆ بۆ تاوێ لە ژێر سێبەری درەختەکان لێی ڕاکشان، سەرخەوێکیان شکاند، کە لەخەو هەستان خۆیان بەگۆمە ئاوەکە دادا و کەوتنە مەلەوانی و ئاو بەیەکداکردن، ئەوجا بەستلێ ئاویان بە لێژاییەکە داکرد کەوتنە خلیسکێنە، پێش ئەوەی بگەڕێنەوە، دووبارە چوونەوە ناو ئاوەکە و جلەکانی بەریان بەپوختی شووشت و ئەوێیان جێ هێشت و گەڕانەوە ماڵباتی خۆیان.

ورچە بچووکەکان دوا بەدوای ئەوان خۆیان دەگەیاندە ئاوەکە و ئەوەی ورچە زلەکان دەیانکرد هەموو ئەوانەیان دووبارە دەکردەوە.

ورچە زلەکان لەدووڕا، ڕەفتاری ورچە بچکۆلەکانیان بەدی کرد، ئەوجا تێگەیشتن بۆچی ورچۆلەکان جلەکانی بەریان پیس دەبێ و کەچی هەمی جاران درۆ و درەو دەکەن.

یەك لە ورچە قەبەکان وتی: وەرن هەر ڤێگاڤێ خۆمانیان لێ ئاشکرا کەین بچین تێروپڕیان بقوتین و دارکاریان بکەین بۆ ئەوەی جارێکی تر زاتی ئەوە نەکەن کاری ئاوا دووبارە بکەنەوە.

ورچێك وتی: منیش لەگەڵ ئەو ڕایەم چونکە هەندێ جار لێدان و قوتان مەرهەمە تا جارێکی دیکە کاری وا نەکەن.

ورچە بۆر  کە لە ورچەکانی دیکە زیرەکتر بوو، بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: من بەپێچەوانەی قسەکانتان لەگەڵ ئەوەدا نیم لێیان بدرێ.
یەك لە ورچەکان لێی پرسی: ئاخر ئەوانە هەڵەیان کردووە، ئەگەر لێیان نەدرێ، دڵنیام بەقسە نایەنە سەر خەت و لاڕێ دەبن و هەمان شت دووبارە دەکەنەوە.
ورچەبۆر وەڵامی دایەوە وتی: ئەوانە بچکۆلەن سەیری ئێمە دەکەن چیبکەین ئەوانیش هەر هەمان شت دووبارە دەکەنەوە، جا ئەگەر ئێمە وازبێنین دەتوانین پێیان بڵێین: نابێ ئێوەش ئەوە بکەن، ئاخر چۆن دەکرێ ئێمە شەڕە ئاو بکەین و بەئەوانیش بڵێین: ئێوە نابێ شەڕە ئاو بکەن،جارێ لێیانگەڕێن با بەئارەزووی خۆیان یاری خۆیان بکەن، کەی گەڕانەوە ئەوسا دوو قسەیان لەگەڵدا دەکەین.
قسەکەی ورچەبۆریان پەسند کرد و گەڕانەوە، لەنزیك ئاوایی وەستان تا بەچکەکان گەڕانەوە، بەچکەکان کە لەدوورەوە چاویان بە ورچە زلەکان کەوت ئەوا هەر هەمیان پێکڤە وەستاون، ترسیان لێ نیشت، کەوتنە دڵەڕاوکێ!
کاتێك ورچۆلەکان گەیشتنە لایان، ورچە بۆرەکە بەدەم زەردەخەنەیەکەوە ڕووی تێکردن و وتی: بەچکە جوانەکان ئەوە

جلەکانی بەرتان بۆ پیس بووە؟ خۆ دەکرێ پێمان بڵێن: چیتان کردووە؟

یەك لە ورچە بچووکەکان بەبزەیەکەوە وتی: هەموومان پێکەوە یاریمان دەکرد، ئیدی لە یاریکردندا دەخلسکێین و دەکەوین و جلەکانمان پیس دەبێ.

ورچە بۆرەکە نەختێ سەری بۆ لەقاندن و وتی: وامەزانن ئاگامان لێتان نییە چی دەکەن و چی ناکەن، تکایە لەمەودوا هەر کەسێ پرسیاری لێکردن درۆی لەگەڵ مەکەن و ڕاستیەکە چییە ئەوەی پێ بڵێن، هەرگیز لەوەیش مەترسێن ئێمە لە سەر ڕاستی لێتان بدەین، چونکە ڕاستی و ڕاستگۆیی خەڵکی پێی مەحبووب دەبن.

ورچە بچووکەکە بەترس و لەرزەوە وتی: ئێمە بۆیە درۆمان دەکرد چونکە دەترساین ئەگەر ڕاستیەکەتان پێ بڵێین، لێمان بدەن، لێرەوە من وەکو خۆم بەڵێنتان پێ دەدەم لەمەودوا هەر شتێکمان کرد کە پرسیارتان کرد، ڕاستیەکە چیە ئەوەتان پێ دەڵێین چونکە تازە دڵنیابووین ئێوە ڕاستگۆتان لا پەسندە.

ئەوجا بەسەرهاتی خۆی و هاوڕێکانی بۆ گێڕانەوە، ئەوانیش وتیان: مەترسن لەمەودوا ئەگەر بینیتان ئێمە دەچینە گۆمە ئاوەکە و یاری

دەکەین ئەوە ئێوەش لەدوای ئێمەوە وەرن بۆ خۆتان یاری بکەن وەکو وتراوە: گەورە ئاوی ڕشت، بچووك پێی لێدەنیٚ.

ورچە بچووکەکانیش بەچەپلە ڕێزان و بەیەك دەنگ هاواریان دەکرد و دەیانوت: بژی بابە، بژی دایە.

بە خۆشی و شادی بەرەو ماڵ گەڕانەوە.

* * * *



خلیسکێنە: خشخشۆکە- خلیسکانیٚ-یشی پیٚ دەڵێن

# تۆپی پێ

چەند   خۆشە  یاریی  کردن
تۆپ   هێنان و  تۆپ  بردن
بەلێزانی  و  گورج و گۆڵ
تۆپبێنی و  بیکەیتە  گۆڵ
لە   گشت  لاوە  هاندەران
بە   فیکە و چەپڵە  ڕێزان
یاریگا              بهەژێنن
هەستیان         دابمرکێنن
تابەجۆش و خرۆش بن
هاندەری ئەو تیپەبن
گۆڵ لەدوای گۆڵ تۆمارکەن
دڵی هاندەران خۆشکەن
هەر وەرزشە بۆ هەمووان
دەرمانە بۆ ڕۆح و گیان
چەند   خۆشە  یاریی  کردن
تۆپ   هێنان و  تۆپ  بردن
بەلێزانی  و  گورج و گۆڵ
تۆپبێنی و  بیکەیتە  گۆڵ

# گفتوگۆی نێوان سیسرکه* و مارمیلۆقێک*

هەبوو نەبوو سیسرکە و مارمیلۆقێك هەبوون، لە خانوویەکدا بەدیوای ماڵێکدا هەڵگژابوون، مارمیلۆقەکە لە دوورەوە تەماشای سیسرکەکەی کرد و بە دەنگێکی بەرزەوە پێیوت: هێێێی سیسارکە پیسەکە ئەوەندەی من سەیری تۆ دەکەم گەلێ عەنتیکەی و سەیرم بەتۆوە دێ.

سیسرکەکە بە بزەیەکەوە سەری هەڵبڕی و وتی: عەنتیکەی چی! سەیری چی! بۆچی عەنتیکەم؟

مارمیلۆقەکە لەوەڵامدا وتی:من ئەوەندەی لەبنمیچ و دیواری ئەم ماڵ و ئەو ماڵ دێم و دەچم، ئەوەندەی تۆ دەبینم سەیرم بەوەدێ ئێوە چ شوێنێك خواردنی زۆر پیسی لێیە دەچنە ئەو شوێنە لەکاتێکدا گەلێ شوێن زۆرە ئەگەر بتانەوێ بۆی بچن و خواردنی پاکتان لێی دەستکەوێ!

سیسرکەکە دایە قاقای پێکەنین و وتی: ئاخر ئەو شتە لە باب و باپیرانەوە بۆمان بەجێ ماوە، ئێمەیش فرچکمان پێوەی گرتووە ناتوانین وا بەئاسانی وازی لێ بێنین چونکە شوێنی ئا ئەوها مەڵبەندی خواردەمەنی ئێمەیە.

مارمیلۆقەکە وتی: ئاخر شتی پیس هەر پیسە هەرچیەکبێ، ئێستاش ئەگەر بتەوێ و حەز بکەی دەتوانی واز لەو شتە پیسە بێنی.
سیسرکەکە بەهەڵپەیەکەوە لێی پرسی: چۆن؟ من لەمەبەستت تێ ناگەم.
مارمیلۆقەکە وەڵامی دایەوە وتی: مەبەستم ئەوەیە ئەگەر واز لەخواردنی ئەو شتە پیسانە بێنی وەرە من دەتکەمە هاوڕێی خۆم، شەوانە لەهەر ماڵێ چرایان هەڵکرد ئەوە هەرچی پێشوولەیەك*هەیە لە دەوری چراکە کۆدەبێتەوە، ئەوەش خوانێکی باشە لێیان بچینە پێش، بەئاسانی بیانگرین و بیانخۆین، بەڵام دەبێ لەم ئان و ساتەوە بەڵێنم پێ بدەی واز لەو پیساییە بێنی و چیتر بۆی نەگەڕێیەوە.
سیسرکەکە نەختێ سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند و وتی: ئاخر ئەوە بڕیارێکی قورسە ناتوانم بەبێ پرس هەروا بێ بیرکردنەوە بەڵێنت پێ بدەم، ئێستاش ئەگەر ڕێم بدەی دەچمە لای چەند بۆقێك و پرسێکیان پێ دەکەم، دواتر کە هاتمەوە وەڵامت دەدەمەوە.
سیسرکەکە ڕۆیشت، خۆی گەیاندە لای بۆقێکی سەوز و بە زەردەخەنەیەکەوە دوای سڵاوکردن پێیوت: بۆقەگیان بۆ پرسیارێ هاتوومەتە لات دەمەوێ بەبێ پێچ و پەنا، بەڕاست و ڕەوان وەڵامم بدەیەوە.

بۆقە سەوزەکە هەندێ قریواندی و وتی: فەرموو بپرسە ئەوەی بیزانم بێ گومان بەڕاستی و بەبێ درۆ وەڵامت دەدەمەوە.
سیسرکەکە ئاهێکی هەڵکێسشا و وتی: ئەرێ ئەو قسەیە تا چەند ڕاستە دەڵێن هیچ خواردنێ لەخواردنی مێشوولە بەتامتر نییە؟
بۆقە سەوزە بۆی پێکەنی و وتی: من نازانم کێ ئەو قسەی بۆ کردووی، جا هەر کەسێ ئەو قسەی کردبێ ڕاست دەکات، من بەش بەحاڵی خۆم لەزەتێکی زۆر لەو خواردنە وەردەگرم.
سیسرکەکە هەمان پرسیاری لەچەند بۆقێکی هەمە ڕەنگی بۆر و زەرد و قاوەیی دیکە کرد، ئەوانیش هەمان وەڵامیان دایەوە.
سیسرکەکە بەم وەڵامانە زۆر دڵخۆش بوو، ڕێ و ڕێ گەڕایەوە لای مارمیلۆقەکە و پێی وت: دوای پرسیارکردن لەم و لەو گەیشتمە ئەو باوەڕەی وەك تۆ وتت خواردنی مێشوولە زۆر لەو خواردنە خۆشترە کە من دەیخۆم، ئەوە لەم ساتەوە لەسەر دەستی تۆ بڕیارمدا لەمەودوا ببمە هاوڕێت و بەیەکەوە دەست بەڕاوکردنی مێشوولە بکەین.
مارمیلۆقەکە وتی: هاااا، قسەیەك هەیە لەم سەریەوە خۆشە، ئەگەر بەڵێنەکەت بشکێنی و بچی بەدزی منەوە خۆت بگەیەنیتە ئەو شوێنە پیسانە و پیسایی بخۆی، ئەوا نە هاوڕێیەتیت دەکەم، نەدەشهێڵم لێم نزیك ببیەوە.

هەردووکیان  بوونە هاوڕێی گیانی بەگیانی یەکدی و ماوەیەکی باش پێکەوە لەقەد دیواری ماڵان لەو شوێنانە نزیك دەبوونەوە کە چرای لێبوو، بەیەکەوە مێشوولەیان بەئاسانی ڕاو دەکرد.

سیسرکەکە زوو زوو لەبەر خۆیەوە دەیوت: قەت نەمدەزانی تامی مێشوولە ئەوەندە خۆشە، خۆزگە زۆر لەزووەوە تۆم بناسیایە هەر ئەو وەختە وازم لەو پیسایییە دێنا و ئەو خواردنە بەلەزەتەم هەرگیز لەدەست خۆ نەدەدا .

ڕۆژێکیان سیسرکەکە لەقەد دیواری یەك لەو ماڵانەدا چاوی بە هاوڕێ سیسرکەکانی کەوت ئەوە هەموویان لە پیسایییەك کۆبوونەتەوە، چاوەکانی نایە سەریەك، لەبەر خۆیەوە وتی: ئاااای چەند خۆشە ئەگەر ئێستا لەگەڵ ئەوانە لەو خواردنە خۆشە بەشدار دەبووم، دەبا چاوێ بەملا و بەولادا بگێڕم ئەگەر مارمیلۆقی هاوڕێم نەمبینێ خۆم دەگەیەنمە لایان و لەگەڵیاندا دەست بەخواردنی ئەو پیسایییە دەکەم.

چاوەکانی کردنەوە، تەماشای ئەملا و ئەولای خۆی کرد  بینی مارمیلۆقەکە دیار نییە، بەهەلەداوان خۆی گەیاندە لایان و دەستی بەخواردنی پیسایی کرد.

مارمیلۆقەکە لەو کاتەدا لەو شوێنە نەبوو، کە هاتەوە بەو دەوروبەرە تێپەڕی، لەناکاو سەری هەڵبڕی چاوی بەسیسرکەی هاوڕێی کەوت وا

دەستی خۆی لەگەڵ سیسرکەکانی دیکە تێکەڵ کردووە و چووەتە لایان، بە دەنگێکی بەرزەوە هاواری کردێ: هۆۆۆۆ سیسرکەی نەگبەت، نەمردی بەڵێنەکەت شکاند، ئەدی ئێمە چیمان وت؟ لەسەر چی ڕێکەوتین؟

سیسرکەکە ویستی درۆی لەگەڵ بکات، بەهەڵپەیەکەوە وتی: ئەگەر بڕوام پێ دەکەی دەمم لەهیچ نەداوە تەنها لێیان چوومەتە پێش و هیچی تر.

مارمیلۆقەکە بە تووڕەییەوە وتی: چما دەتەوێ بەم ڕۆژە ڕووناکە درۆم لەگەڵدا بکەیت؟ من بەو دوو چاوانەم بینیتم چیت دەکرد، تەواو ئیدی باوەڕت پێ ناکەم و نامەوێ چیتر لێم بێیتە پێش، تەواو چیتر هاوڕێیەتیت ناکەم، بەس لێم نزیك ببیەوە چی خراپە ئەوەت پێ دەکەم.

لەو ڕۆژەوە ئەو سیسرکەیە کە بەقەد دیوار هەڵدەگەڕێ و دەیەوێ مارمیلۆقەکە لێی ببووری تا وەکو جاری جاران پێکەوە مێشوولە ڕاو بکەن، بەڵام مارمیلۆقە لەهەر شوێنێ بیبینێ دەکەوێتە دوای تا پەلاماری بدات و بیخوات، سیسرکەکەیش باش دەزانێ بەڵێنەکەی شکاندووە بۆیە ناوێرێ زۆر لێی نزیك بێتەوە.

ئەوەندەی مارمیلۆق پێی دەڵێ: بڕۆ وازم لێ بێنە حەز ناکەم چارە و چەهرەت ببینم لێم مەیە پێش تۆ بێ وەفا دەرچووی، بەڵێنی خۆت نەبردە سەر و پەیمانت شکاند.

کەچی سیسرك تەنها ئەوە دەڵێ: ئاخر ئێمە لە بچووکیەوە فرچکمان بەو پیسایییە گرتووە هەتا دەشمرین ناتوانین وا بەئاسانی وازی لێ بێنین.

مارمیلۆقیش پێی دەڵێ: کەواتە با هەر یەکەمان بە ڕێی خۆیدا بڕوات، تکایە چیتر سەرم مەیەشێنە و لێم نزیك مەبەوە.

لەو ڕۆژەوە هەرچەندی ئەو قسانە دەکەن و سەیری یەکتر دەکەن، نە مارمیلۆق لێی دەبووری و نەسیسرکەکەیش دەتوانێ واز لەخواردنی پیسایی بێنێ.

* * * *

*سیسرکە: سیسارك–یشی پێ دەڵێن.


* مارمیلۆق: پیسپیسۆك –مارمێلکە– – مارمیلۆك–یشی پێ دەڵێن.

* پێشوولە: پێشوولە– پێشکە– مێشوولە– پەخشە– یشی پێ دەڵێن. ڕەنگی خوێنی پێشوولە زەردە و تەنها مێشوولە(پێشکە) مێیەکان دەتوانن بگەزن.

# کچێکی ژیرم

دەروون پاك و خاوێنم
وەکو هەنگوێن شیرینم
لەگفتار و ڕەفتار و کار
بەرزم وەکو دار چنار
منداڵێکی زۆر ژیرم
خاوەنی هۆش و بیرم
لەماڵەوە کار دەکەم
یارمەتی دایکم دەدەم
چیبڵێ دەڵێم: بەسەرچاو
بۆ هێنانی نان و ئاو
چی پێویستبێ بۆی دێنم
بەرهەمی ئەو دەچێنم
لە خووڕەوشت، لەچاکە
ڕێنیشاندەرمە، پاکە
بەڵێن دەدەم تا مابم
گوێڕایەڵ، خزمەتکاربم
فەرمانی بەجێ بێنم
قەت دڵی نەڕەنجێنم
لە بەرامبەری چاکبم
ئاواتی بەدی بێنم
هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرم
خەم و ژانی هەڵبگرم

# کرمی دوو سەرە



هەبوو نەبوو کرمێکی دوو سەرە هەبوو سەرێکی زل و ئەویتریان گچکە بوو.

سەرزل چونکە لە سەرگچکە گەورەتر و بەهێزتر بوو، ئارەزووی هەر شوێن و جێگەیەکی بکردایە دەبوایە سەربچووکەکە بکەوێتە دوای هەرچەندە حەزی بەوە نەکردایە بچێتە ئەو شوێنە.

ئەو دوو سەرە هەتا ڕێکەوتنامەیەکیان مۆر نەکرد، هەمیشە دژی یەك دەوەستان و شەڕی یەکیان دەکرد، ئەگەر ئەو بخەوتایە، ئەویتر لەخەوی دەکرد، ئەگەر یەکیان بیویستبایە بچێتە شوێنێ، دەبوو بەزۆر و بەخورتی ئەویتری لەگەڵ خۆی ڕاپێچ بکردایە.

سەرزل کەمدو و نەوێژ بوو، سەرگچکە هێندە زۆربڵێ و هەرزەگۆ بوو، قسەی بکردایە نەیدەبڕاندەوە.

سەرزل حەزی دەکرد گشت کرمەکان بەگەورە و بچووکەوە لەژێر فەرمانی ئەودابن ئەگەر وتی: ماست ڕەشە کەس نەڵێ سپییە، بەڵام کرمی سەرگچکە ئەوەی قبوڵ نەبوو سەرزل ببێتە دیکتاتۆر و هەموو شتێك بێ، ئەمەش وایکردبوو ڕۆژانە بەگژ یەکدابێن، بەرەنگاری یەکدی ببنەوە و لەگەڵ یەك بکەونە شەڕوشۆ، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کرمەکانی ئەو مەملەکەتە پەلاماری یەك بدەن و لەیەك بکوژن.

کاتێك پادشای کرمان هەواڵی ئەو شەڕە ناخۆیەی نێوان ئەو کرمانە بیست، ناردیە دوایان، هەردوو کرمی سەرزل و گچکە چوونە کاخ* و کۆشکی پادشایەتی.

پادشای کرمان پێشوازیەکی گەرمی کردن و لە دانیشتنێکدا ڕوو تێکردن پێیوتن: من ئێوە بۆ ئەوە بانگێشتی ئێرە کردووە تا پێتان ڕابگەیەنم ئەو شەڕەی خۆتان ڕاگرن و خۆتان چاك بکەن و ئاشتبنەوە، وەئەگینا بەیەك ئامارە قەلە ڕەشتان لێ هاندەدەم بەربێتە گیانتان، بۆ قەڵەڕەش ئەوەندە بەسە شوێنەکەتان بزانێ ئیدی کە پەلاماریدان کەیفی خۆتانە چۆن بەرگری لەخۆتان دەکەن یا ناکەن ئەوە من پێموتن خۆتان چاك بکەن و یەکبگرن و یەکدیتان خۆش بوێ، جا ژیانی خۆتان و خەڵکەکەتان تاڵ مەکەن.

هەردوو کیان بەیەك دەنگ وتیان: تۆ گەورە و سەردارمانی، فەرمانت بەجێ یە، لەفەرمانی جەنابتان و لەقسەت دەرناچین.

پادشای کرمان لەسەر کاغەزێکدا ڕەشنووسی هەندێ خاڵی کرد، کە یەکە یەکەی خاڵەکانی بۆ خوێندنەوە و پێی ڕازی بوون، ئەوجا پێیوتن: دەفەرموو وەرن لەخوارەوەی ئەم کاغەزە واژۆی بکەن.

ئەوانیش بەخۆشحاڵیەوە کاغەزەکەیان واژۆ کرد، کاتێ گەڕانەوەیان لەڕێگەدا کرمی سەرزل وتی: ئەوە هەردووکمان ڕێکەوتین چیتر شەڕ نەکەین و لاپەڕەیەکی تازە بکەینەوە، تۆ فەرمان بەکرمە گچکەکانت بدە و منیش فەرمان بەکرمە زلەکان دەدەم چیتر شەڕ نەکەن و ئەو شەڕە ڕابگرن.

کرمی سەرگچکە بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: لەم ئان و ساتەوە من و تۆ برای یەکین، ئەرێ تۆ دەزانی ئەوانەی لەسەر ئێمە خۆیان بەکوشتدا بێ ئەقڵ بوون، دەبوو زوو بیانزانیایە کە من و تۆ چەندە لەگەڵ یەك خراپ بین و چەند لەگەڵ یەك بەشەڕبێین دوور و نزیك چونکە من و تۆ یەك ڕۆح و گیانین و لەیەك جەستەداین دەبێ ئاشت ببینەوە.

کرمی سەرزل وتی: تۆ حەز دەکەی بۆ لەمەودوا لەبرا زیاتر بۆ یەك پێکەوە بژین؟

کرمی سەرگچکە بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: ئەوە ئاوات و کامڕەوای* منە،

کرمی سەرزل بە زەردەیەکەوە وتی: با لەمەودوا ئەو داهاتەی لەم مەملەکەتە دێتە دەست وەك برا لەبەینی خۆمان دابەشی بکەین و ئەوەی لەبەر خۆمان مایەوە بەسەر کرمەکانی دابەش بکەین.

کرمی سەرگچکە بەخۆشحاڵیەوە وەڵامی دایەوە وتی: ئەوەش هەمان ڕای منە و قسەکەت ماقووڵە.

لە ڕێوڕەسمێکدا بەلاغی هاوبەشیان ڕاگەیاند، بەمەش کۆتایی بە شەڕی ناوخۆ هات و دۆڵ دڕا تەقەی بڕا.

لەو ڕۆژەوە ئەو دوو کرمە بەرژەوەندی هاوبەش کۆی کردوونەتەوە، ئەوەی بێتە دەست لەبەینی خۆیان دابەش دەکەن، خۆ لەهەر

کۆبوونەوەیەکیش لەگەڵ کرمەکانیان ببیەستن، ئەو بەڕێزەوە باسی ئەو دەکات و ئەویش بەڕێزەوە باسی ئەمی تر دەکات، ئەو پوول و سامانە وای لێکردن هەردووکیان ببنە قەرەواش* بۆ یەکدی.

* * * * *



## تێبینی:

هەرزەگۆ: زۆربلێ، دەمەزەڵ    واژۆ: ئیمزا    کاخ: کۆشک، قەسر

کامرەوا: بەئاوات گەیشتوو


قەرەواش: خزمەتکاری ژن

مندالّە چاوگەشەکان وەرن با بەیەکەوە

گوێ بۆ چیرۆکی

## ( قەلە سپییەکە بۆ ڕووی

## ڕەش بوو؟ ) بگرین



# قەلە سپیەکە بۆ ڕووی ڕەش بوو؟

لەدێر زەمانەوە قەڵێکی سپی هەبوو، کاری ڕۆژانەی تەنها چاودێری ئەم و ئەو بوو، ئەگەر شتێکی لەهەر ماڵێك ببینیایە و بیزانیایە کەس لەماڵەوە نییە، بەدزییەوە دەچووە ئەو ماڵە و ئەوەی بەردەستی بکەوتایە دەیبرد دەیهێنا لەناو هێلانەکەی دەشاردەوە.

ڕۆژێکیان سمۆرەیەك تازە بۆ ناو کولانکەکەی دەگەڕایەوە ، لە دوورەوە چاوی بە قەلە سپیەکە کەوت ئەوە لە کولانکەکەی ئەودا دەیێتە دەر و ملوانکەیەکی بەدەنووکەوەیە، کاتێك چووە ژوورەوە و نێو کولانکەکەی گەڕا تەماشای کرد ملوانکەکەی دیار نەماوە. یەکسەر بۆ سکالاٚکردن چووە لای دادوەری مەملەکەتەکەیان کە کەروێشکێکی پیری بەساڵاچوو بوو، حاڵ و مەسەلەی قەلە سپی و ملوانکەکەی خۆی بۆ گێڕایەوە.

کەروێشکی دادوەر فەرمانی بە دوو بازی پاسەوان کرد دەم و دەست بچنە هێلانەی قەلە سپی و دوای پشکنینی هێلانەکەی، دەستگیری بکەن و بیهێننە دادگا.

بازەکان کەوتنە فڕین، خۆیان گەیاندە هێلانەکە و کەوتنە گەڕان و سووڕان، ئەوەی لەو هێلانەدابوو هەموویان هێنا و قەلەکەشیان دەستگیر کرد، بردیان لەبەردەم کەروێشکی دادوەریان ڕاگرت.

دەنگ و باسی دەسگیرکردنی قەلەکە لەچاوتروکانێکدا بەهەموو لایەکی ئەو مەملەکەتەکە بڵاو بۆوە، هەر ئەوەی شتێکی لیٚ دزرابوو، خۆی دەگەیاندە دادگا و سکاڵای خۆی لەهەمبەر تۆمار دەکرد.

کەروێشکی دادوەر سەیری گشت سکاڵاکانی کرد، سەیری ئەو شتانەیشی کرد کە لەناو هێلانەی قەلەکەدا بوون بۆی دەرکەوت ئەوەی ئەو هەموو شتانەی دزیوە ئەوە قەلەکەیە، بۆیە بەدەم هەناسەیەکی قووڵەوە ڕووی کردە قەلەکە و وتی: وەرە پێش.

قەلەکە بەترس و لەرزەوە لێی چووە پێش، کەروێشکە دادوەرەکە پێی وت: وەرە باڵی ڕاستەت لەسەر ئەم کتێبە پیرۆزە دانیٚ و بڵیٚ: سوێند دەخۆم هەر پرسیارێکت لێکردم ئەوا بە ڕاست و ڕەوانی وەڵامت بدەمەوە.

قەلە سپییەکە باڵی ڕاستەی نایە سەر کتێبەکە و وتی: سوێند دەخۆم هەر پرسیارێکم لێ بکەی بە ڕاست و ڕەوانی وەڵامت دەدەمەوە.

کەروێشکی دادوەر ڕووی پرسیاری تێکرد وتی: دراوسێ بۆ هەمووان وەکو میراتگر وایە، تەنانەت زۆر جار لە دایك و باوك و خوشك و برایش لەپێشترە گەر شتێکمان لێ بقەومێ هەتا ئەوان دەگەنە لامان، دراوسێکەمان بەزوویی بە فریامان دەکەون و بەهانامانەوە دێن، ئایا قسەکەم تەواوە یان نا؟

قەلەسپی سەری بۆ لەقاند و وتی: زۆر تەواوە و فەرموودەی بەڕێزتانە.

کەروێشکی دادوەر وتی: ئەی کەوایە بۆچی دزی لەو ماڵە دراوسێیەت دەکەی؟

قەلەکە نکۆڵی لێ کرد بەشڵەژاویەوە وتی: گەورەم من دزیم نە لەماڵە دراوسێ و نە لەهیچ کەسێ نەکردووە، ئەوە هەمووی بوختانە بەدەمی منەوەی دەکەن.

بەم وەڵامە نادروستەی کردی، باڵەکانی ڕەش داگەڕا.

کەروێشکی دادوەر دووبارە لێی پرسیەوە: هاوڕێی چاك گەنجینەیەکی گەورەیە، ئەی قەت شەرمت بەخۆ نییە بەڕۆژی ڕووناك ملوانکەی ئەو سمۆرەیەی هاوڕێت دەدزی؟

قەلە سپی بەسەرسوڕمانەوە وتی: قوربان ئەوەش درۆیە، سمۆرە ڕاستە خۆی بەهاوڕێم دەزانێ، بەڵام من هاوڕێی ئەو نیم و چونکە حەز بەمن ناکا ئەو تۆمەتەی بۆ هەڵبەستاوم.

سمۆرەکە ویستی لێی بێتە جواب، بەڵام کە بینی دەموچاوی قەلەکە یەکپارچە ڕەش داگەڕا، خۆی لەڕاستی دا بێ دەنگ کرد.

کەروێشکەکە لەپێش چاوی دا هەموو شتەکانی دەرکرد و بۆ خاوەنەکانیانی گەڕاندەوە، بە قەڵەکەیشی وت: دەمویست بەندت بکەم بەڵام بۆ تۆ ئەو ڕوو ڕەشیە بەسە تا لەمەودوا کەس باوەڕ بە درۆکانت نەکەن و بتناسن بزانن کێی؟ ببیتە پەند بۆ خەڵکانی دی

.

* * * *